## **وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

## **ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی**

**لە ماوەی ٢ هەفتەی ڕابردوودا هەندێك لە ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستان بابەتی ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستانیان ووروژاند کە گوایە زیادبوونێکی ناسروشتی ڕوویداوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێر و دهۆك بە بەراوورد لەگەل ژمارەی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم/ فۆرمی خۆراك.**

**هەروەها دەگوترێت کە ئەم زیادەیە ڕەنگە کاریگەری دروست بکات لەسەر هەڵبژاردندا، و ژمارەکانی دەستەی ئاماری بە نادروست دادەنێن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەصلی ئەم ژمارانە و بەشێوەیەکی دروست و زانستیانە مامەلەی لەگەل بکەن.**

**دەستەی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ڕاستیەکان ڕوون بکاتەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تاکو ڕاستیەکان لەلایەن هیچ لایەنێك چەواشەنەکرێن:**

**١- جۆری ژمارەکان:**

**لە هەرێمی کوردستاندا دوو جۆر ژمارە هەیە:**

**أ- ژمارەی دانیشتوان کە بە پڕۆسەی سەرژمێری دیاردەکرێن کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەداتو لەبەر ئەوەی پڕۆسەی سەرژمێری لە عیراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە بەڵکو تەنها ژمارەکانی ژمارەدانانو گەمارۆسازی ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ کە قۆناغی پێش سەرژمێریە لەبەر دەستە کە هەموویان بە شێوازی زانستیانە ئەنجامدراون و بەستاندەر و لەژێر چاودێری نێودەولەتی لەلایەن ڕێکخراوەکانی UN.**

بەپێی ئەم پرۆسەیە ژمارەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەپێی پرۆسەی ژمارەدانانو گەمارۆسازی (الحصر والترقيم) کە لێژنەی سەرپەرشتی نێودەوڵەتیو دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق پەسەندیان کردووە وەکو چوارچێوەیەك بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ١ کە هاوپێچە)

مەزندەکراو بەپشتبەستن بە جیاوازی گەشەی نێوان ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ی هەر پارێزگایەك

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان 2009 | ژمارەی دانیشتوان 2010 | مەزندەی ژمارەی دانیشتوان 2011 | مەزندەی ژمارەی دانیشتوان 2012 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1,717,284 | 1,820,120 | 1,929,114 | 2,044,635 |
| سلێمانی | 1,803,792 | 1,855,265 | 1,908,207 | 1,962,660 |
| دهۆك | 1,177,714 | 1,234,499 | 1,294,022 | 1,356,415 |
| کۆی گشتی هەرێم | 4,698,790 | 4,909,884 | 5,130,461 | 5,360,948 |

خشتەی ژمارە (١) ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەدانان و گەمارۆسازی ٢٠٠٩-٢٠١٢

ئەم خشتەیەی سەرەوە ئەم فیئەتانە دەگرێتەوە

- دانیشتوانی هەرێم کە پسوولەی خۆراکیان سەر بە هەرێمی کوردستانە (کە ووردەکاری ژمارەکان لە خشتەی ژمارە دوو هاتووە).
- دانیشتوانی هەرێم کە پسوولەی خۆراکیان سەر بە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە (کورد، عەرەب، کرستیانەکان) .
- دانیشتوانی ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی هەرێم کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە دەکرێنو پرۆسەی ژمارەدانانو گەمارۆسازی لەلایەن

له هەموو حاڵەتێکدا هەروەکو چەندین جار ئاماژەمان پێداوە ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆ مەبەستی هەڵبژاردنەکان بەکارنایەت تا ئەوکاتەی پرۆسەی سەرژمێری بەتەواوەتی ئەنجام دەدرێت.

<u>تێبینی:</u>

دانیشتوانی قەزای شەنگالو دەوروبەری کە لەژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو ژمارەی دانیشتوانی بە زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ (چوارسەد هەزار) کەس مەزندە دەکرێت لە خشتەی سەرەوە هەژمارنەکراوە چونکە پرۆسەی ژمارەدانانو گەمارۆسازی لە ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای نەینەوا ئەنجامدراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێك لە بودجەی پارێزگای دهۆك لەو ناوچانە خەرجدەکرێت.

ب- پسوولەی خۆراك:

ئەمە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نییە بەڵکو ئەم ژمارەیە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نفوسیان سەر بە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و ئیدارەی گەرمیانەو پشتی بەستووە بە تۆمار کردنی ناوی هاووڵاتیان یان رەش کردنەوەی بەپێی ی رێنمایی تایبەتی وەزارەتی بازرگانی.

| پارێزگا | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1,428,677 | 1,462,650 | 1,517,762 | 1,582,053 |
| سلێمانی | 1,635,193 | 1,670,457 | 1,709,678 | 1,760,076 |
| دهۆك | 961,880 | 1,005,190 | 1,038,744 | 1,087,413 |
| کۆی گشتی هەرێم | 4,025,750 | 4,138,297 | 4,266,184 | 4,429,542 |

خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی بەشداربووانی پسوولەی خۆراك

**کەواتە:**

**١- لە هەرێمی کوردستان دوو ژمارەی جیاواز نییە بۆ دانیشتوانی هەرێم بەڵکو یەکێکیان مەزندەی ژمارەی دانیشتوانە و ئەویتریان پسوولەی خۆراکە کە بەشێکە لە ژمارەی دانیشتوان هەروەکو لەسەرەوە روونکرایەوە.**

**٢- راستیەکی تری زۆر دیار هەیە کە ئەویش بڕیارێکی تازە نییە کە بۆ هەڵبژاردن ژمارەی دانیشتوانی دەستەی ئامار هەرگیز بەکارنەهاتووە و بەکار نایەت بۆ دەرهێنانی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان یان بۆ تۆماری دەنگدەران تاکو ئەنجامدانی سەرژمێری سەرتاسەری، بەڵکو کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کە تاکو ئێستا بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عیراق تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بەخۆی هەیە (سجل الناخبین) کە پێش هەر هەڵبژاردنێك نوێ دەکرێتەوە وە هەروەها ژمارەی کورسی بە هەماهەنگی نێوان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عیراق دەستنیشان دەکرێت کە ووردەکاری زیاتر لەلای خودی کۆمسیۆنە نەك لە وەزارەتی پلاندانان یان وەزارەتی بازرگانی.**

**لە کۆتاییدا ئەوە ماوە کە بڵێین کە ئەو هەواڵ و لێدوانانەی کە باس لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە نزیکەی یەك ملیۆن کەس دەکرێت هیچ بنەمایەکی نییە و هیوادارین کە هۆی وورووژاندنی ئەم هەواڵە هەڵەیە ئاشنا نەبوون بێت بە لایەنی زانستی و تەکنیکی داتا و ئامار نەك بۆ هیچ مەرامێکی تر. ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان هەموو کاتێك ئامادەین بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بۆ هاووڵاتیان.**